

# محەممەد شوکری و
# نانی ڕووت



وەرگێڕان و ئامادەکردنی
**هەورامان وریا قانع**

دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە دەریدەکات

تەوەر

لە مێژووی ئەدەبدا، دەگمەنن ئەو نووسەرانەی ژیانیان، ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستەقینەی بەرهەمەکانیانن، نووسینەکانیان جگە لە ئاوێنەیەک بۆ پیشاندانی ژیانی خۆی و سەردەمەکەی، هیچی دیکە نییە، ژیانێک بێ دەمامک، بێ میکیاج، بێ ڕەتووش، ژیانێک وەک خۆی چۆنە ئاوا خراوەتە ڕوو.. محەمەد شوکری یەکێکە لەو نووسەرە دەگمەنانەی، لە نووسین و بەرهەمەکانیدا، زۆر ڕاشکاوانە، بگرە زۆر دڵڕەقانەو بێ بەزەییانە، باسی لە وردو درشتی زیندەگی خۆی کردووە، باسی لە هەموو ئەو ناخۆشی و نەهامەتی و نەبوونی و هەژارییە کردووە کە بە دەستیانەوە ناڵاندوویەتی. سڵی لەوە نەکردووەتەوە باس لەو پەیوەندییە ناشەرعیانەی خۆی بکات کە لەگەڵ ئافرەتە سۆزانییەکانی نێو تیاترۆخانەکاندا هەیبووە، لەبری شاردنەوەی ڕابوردن و نووستنی شەوانەی لەگەڵ سۆزانییەکان، هاتووە بە ئاشکرا لە نووسینەکانیدا باسیکردووەو لە دووتوێی ڕۆمانەکانیدا تۆماریکردوون. ئازایانە و چاونەترسانە قسەی لە پەیوەندی نێوان خۆی و باوکی کردووە کە زۆربەی کاتەکان بە سەرخۆشی و دوای دۆڕاندنی هەموو شتێک، خۆی کردووەتەوە بە ماڵدا و کەوتووەتە وێزەی منداڵەکانی. تۆڵەی دۆڕاندنی قومارو پارەو پوولی سەر مێزەکان، لەمنداڵە برسی و ڕووتەڵە و بێ دەسەڵاتەکانی کردووەتەوە. ئەم بوێرییە، ئەم سڵنەکردنەوەیە، ئەم سەراحەت و ڕاشکاوییە، سیمایەکی دیارو گرنگ و بایەخداری ئەم نووسەرەیە. لێرەوە با بزانین محەمەد شوکری کێیە و گەشتێک بەنێو ژیانە 68 ساڵەکەیدا بکەین و بۆ ساتێک لەسەر هەندێک لە بەرهەمەکانی ڕاوەستین.

دەوترێت ناکرێت قسە لە ئەدەبی عەرەبی هاوچەرخ و بەدروستی هونەری ڕۆمان بکەین، بێ ئەوەی ئاماژە بەو پێگە تایبەت و گرنگە نەدەین کە نووسەری مەغریبی محەمەد شوکری هەیەتی. ئەو یەکێکە لەو نووسەرە عەرەبە دەگمەنانەی، لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی بیستەمەوە، لەلایەن خوێنەرانی ئیسپانیاوە، ڕێزو پێشوازی لێکراوە، ڕۆمانەکەی نانی ڕووت، پێش ئەوەی بە زمانی عەرەبی بڵاوبێتەوە، تەرجەمەکراوە بۆ ئیسپانی. خوێنەری ئیسپان سەرسامبوون بەو شێوازە تایبەتمەندەی شوکری لە نووسینی ڕۆمانەکەیدا بەکاریهێناوە، شێوازێک بێ دەمامکی درۆزنانەی ستاتیکا یان دەمامکی ئەخلاقی کە زۆرجار نووسەران لە پشتی ئەو دەمامکانەوە خۆیان حەشارداوە. شوکری شەرمی لەوە نەکردووە قسە لەو ڕیسوایی و ئیهانەکردنانە بکات کە لە قۆناغە جیاواز جیاوازەکانی تەمەنی منداڵی و گەنجیەتی و لاویەتیدا دووچاری بووە. نووسەری نانی ڕووت هوشیار بووە بەوەی پێویستە گوزارشت لەو ئیهانانە بکات کە ژیانی لەناودا بەسەر دەبرد و بیانخاتە ڕوو.



محەمەد شوکری پێش چوار ساڵ لە بەرپابوونی جەنگی دووەمی جیهانی، واتە ساڵی 1935 لە ناوچەی ئایت شیکەر لە هەرێمی ئەلنازور لە باشوری مەغریب لەدایکبووە، لە گوندەکەیدا کە کەوتووەتە قەدپاڵی ریزە شاخێک، منداڵییەکی سەخت و دژوار ژیاوە، دواتر ساڵی 1942 لەگەڵ خێزانە هەژارو نەدارەکەی، بە پێ لە شوێنی لە دایکبوونییەوە، لە قەدپاڵی چیاکانەوە، دەڕۆن بۆ شاری تەنجە، ئەو شارەی دواتر ناتوانێت بە هیچ شێوەیەک دەستبەرداری ببێت و بێ ئەو ناژی. تەنانەت ناوی شوکری و ڕۆمانەکەی نانی ڕووت، پەیوەستن بە ناوی ئەم شارەوە کە هەرگیز نەیتوانیوە بەجێیبێڵێت. هەر کاتێک بۆ بەشداریکردن لە چالاکییەکی ڕۆشنبیری ڕۆشتبێت بۆ شارێکی دیکە، یەکسەر دوای تەواو بوونی چالاکییەکە خۆی پێ

**شوکری وەك مرۆڤ و وەك رۆماننووس، پێگەیەکی تایبەتمەندی لە نەخشەی نووسینی عەرەبیدا هەیە. تایبەتمەندی شوکری، بریتییە لە بوێری، بوێری ئاشکراکردن و فەزحکردن.**

نەگیراوەو گەڕاوەتەوە بۆ تەنجە. شوکری لە تەنجە و لە تەمەنی حەوت ساڵیدا، لە بری ئەوەی لە گۆڕەپان و پۆلی قوتابخانەدا بێت و وانەی زانست و وێنەو بیرکاری فێرببێت، لە بری ئەوەی رۆژانە کات لەگەڵ دەفتەرو قەڵەم و کتێبەکانیدا بباتە سەر، لەبری ئەوەی لەگەڵ هاوپۆلەکانیدا منداڵی خۆی بژی و سەرقاڵی گەمەو راکە راکەی نێو پۆل و گۆڕەپانەکان بێت، کەچی لەسەر شۆستەو شەقامەکان، لە کوچەو کۆڵانەکان، لە بەردەم دوکان و دیواری مزگەوتەکاندا، قۆنەرەی رێبوارەکانی بۆیاخکردووە، چەندین خوولەک و سەعات چاوەڕێیکردووە یەکێک بێت و پێیەکانی بخاتە سەر سندوقی بۆیاخەکەی و لەبەرامبەر چەند فلسێکدا، پێڵاوەکانی بۆ بۆیاخ بکات، رۆژنامەو جگەرەی قاچاخی فرۆشتووە، حەماڵیکردووەو باری قورس و سوکی لەخۆیناوەو لەم شەقام بۆ ئەو شەقام، لەم کۆگا بۆ ئەو کۆگا، گواستوویەتییەوە. لە کوچە و کۆڵانە تەسک و تروسکەکانی تەنجە، لەسەر گوفەک و سەلوێنکەکان، ژیانی منداڵێکی سەرگەردان و بێچارە ژیاوە، هەر لەو کۆڵانانەوە دووچاری لادان و خووی خراپ بووە. خێزانەکەی زۆر لە تەنجە نامێننەوەو بارگەو بنەی ماڵەکەیان هەڵدەگرن و ڕوو دەکەنە شاری تەتوان. بەڵام ئەم منداڵە سەرگەردانە، بەو تەمەنە کەمەیەوە، ناتوانێت لە شاری تەتوان بژی، بۆیە هەر خۆی بە تەنها دەگەڕێتەوە بۆ تەنجەو درێژە بە ژیانی وێڵگەردی خۆی دەدات. لە تەنجە خەڵکانی بیانی و حەشیش و تیاترۆخانە هەبوو، لە بەندەری تەنجە، جگەرەو حەشیشی بە بیانییەکان فرۆشتووە، سەربازە ئەمریکییەکانی بردووە بۆ مەلها ئەوروپییەکان. لەو تەمەنە بچووکەدا، بووەتە شاگردی چایچی و چای تاڵ و شیرین و نێرگەلەی بۆ موشتەرییەکان داناوە، تەپڵەک و کورسییەکانی سڕیوەتەوە، پیاڵەو کەوچکە چاکانی هەڵگرتووەتەوەو لە ئاوی گەرمدا شۆردونی.

شوکری کاتێ بۆ یەکەمجار دەگاتە تەنجە، زمانی عەرەبی نەزانیوە، بۆچی؟ چونکە زمانی دایکی ئەمازیغی بووە، بەهۆی ئەو کاروبارانەوەو تێکەڵبوونی بە خەڵکانی بازاڕو سەرشەقامەکان، بەهۆی بەسەربردنی زۆربەی کاتەکانی لە بەردەم دوکان و سەر شۆستەو شەقامەکان، وردە وردە فێری زمانی عەرەبی دەبێت. نزیکەی سیانزە ساڵی تەمەن، لە حەوت ساڵییەوە بۆ بیست ساڵی، لە جیهانی خوارەوەدا، جیهانی سەرگەردانی و وێڵگەردی و گرتن و ئالوودەبوون بە جگەرەو مەی و کاری قاچاخ و هاوڕێیەتی لەگەڵ ئافرەتی لەشفرۆش،

دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە دەریدەکات

بەسەر دەبات. وەلێ خۆشبەختانە، مانەوەی لەو جیهانە نزمەدا، تاسەر نابێت. لەناکاو گۆڕانێک بەسەر ئەم کوڕیژگەیەدا دێت و بیر لەوە دەکاتەوە ماڵئاوایی لە ژیانی کۆڵان و شەقامەکان و وێڵگەردی بکات و بڕواتە بەر خوێندن، لەو کاتەدا تەمەنی بیست ساڵ بووە. منداڵانی دی لە تەمەنی بیست ساڵیدا، خوێندنیان تەواو کردووەو بوونەتە خاوەن بڕوانامە، لە فەرمانگە حکومییەکان یان لە کۆمپانیا تایبەتەکان دادەمەزرێن و وەک دەوترێت دەگەنە نانی خۆیان و جێگیردەبن و خێزان دروست دەکەن. کەچی شوکری بە پێچەوانەی منداڵانی ئۆمەتی محەمەد، لە بیست ساڵیدا دەچێتەوە بۆ مەکتەب. بەڵێ دوای بیست ساڵ تەمەن، بۆ یەکەمجار دەڕواتە قوتابخانەو دەست دەکات بە خوێندن، لە سەرەتای سەرەتاوە دەستپێدەکات، لە دارا دوو داری دی و یەک کۆ یەک دەکاتە دوو دەستپێدەکات. دوای تەواوکردنی خوێندن لە سلکی پەروەردە دادەمەزرێت و دەبێت بە مامۆستا. ماوەیەک سەرقاڵی وانە وتنەوە دەبێت، بەڵام بەخێرایی خۆی خانەنشینی ڕێژەیی دەکات، ئیدی لەو چرکەساتەوە تەواوی کاتەکانی بۆ نووسینی ئەدەبی تەرخان دەکات.

ساڵی 1966 یەکەم چیرۆکی لە گۆڤاری (ئادابی لوبنانی) بڵاودەکاتەوە، لە رادیۆی تەنجە بەرنامەیەکی ڕۆشنبیری بە ناوی (شوکری دەدوێت) ئامادە دەکات و هەر خۆشی پێشکەشی دەکات. لە ڕێگەی ئەو بەرنامەیەوە ناوبانگێکی باش پەیدا دەکات، ئەمە وای لێدەکات لە زۆر فیعلی خراپ دوورکەوێتەوەو هەوڵدەدا وەک کەسێکی هاوسەنگ و بەرێز دەرکەوێت. ئەم نووسەرە لە ژیانیدا ژنی نەهێناوەو خێزانی دروست نەکردووە، هۆکاری هاوسەرگیری نەکردن و نەخستنەوەی منداڵ لەم وتەیەی خۆیدا بە روون و ئاشکرایی دەردەکەوێت:

(بۆ ئەوەی ببم بە باوکی منداڵێک، دەبێت هاوسەرگیری بکەم. بەڵام من هاوسەرگیریم نەکرد، چونکە لەوە دەترسام بەرامبەر بە منداڵەکەم هەمان ئەو توڕەیی و بێبەزەییە بەکاربێنم کە لە بەرامبەر خۆمدا بەکاریانهێنا. لەبەر ئەوە دەترسم منداڵم ببێت، من لە خۆم دڵنیا نیم و متمانەم بەخۆم نییە). ساڵی 1973 دەبێت بە ئەندامی یەکێتی نووسەرانی مەغریب. ئەو نەهامەتی و نەبوونی و پەراوێزخستن و جەهل و بێبەشبوونەی لە منداڵیدا تێیدا ژیابوو، رەنگدانەوەیەکی راستەوخۆی لە بەرهەمە ئەدەبییەکانیدا هەبووە. ئەوەی لە ژیانی منداڵیدا بینیویەتی و بەسەریدا هاتووە، دەقا و دەق و بە زمانێکی سادە و ڕەوان، زمانێکی بێ گرێ و گۆڵ، گواستووەتەوە بۆ سەر لاپەڕەی ڕۆمانەکانی، بە تایبەت ڕۆمانی نانی ڕووت.

خاوەنی چاخانەی (الرقاصە)عەبدوڵا ئەلوەهابی تەمەن 67 ساڵ بە خەمبارییەکی گەورەوە، بە یادەوەری خۆیدا دەچێتەوەو باس لە بینینی محەمەد شوکردی گەنج دەکات و دەڵێت: ساڵی 1967 بینیم بەناو بازاڕی تەنجەدا پیاسە دەکات، گەنجێک بوو خاوەنی هیچ شتێک نەبوو، تەنها ئەو جلوبەرگە کۆنە نەبێت کە لەبەریدا بوو، ئەو تا بڵێی هەژار بوو، تەنانەت پارەی کڕینی یەک نانی پێنەبوو، روخساری بە شێوەیەکی ئاشکرا نەهامەتی و نەبوونی لێدەباری. ئەم خاوەن چاخانەیە لەسەر یادەوەرییەکانی بەردەوام دەبێت و باس لە پەیوەندی خۆی و شوکری دەکات و دەڵێت: کاتێک بە شوکری گەیشتم و ناسیم، چەند ڕۆژێکی کەم بوو لەگەڵ خێزانەکەی گەشتبوونە تەنجە. من محەمەد شوکری مرۆڤم پێش محەمەد شوکری نووسەر ناسی. ئەو ئێوارەیەم چاک لەبیرە، پێش دە ساڵ لەمەوبەر، شوکری خۆیکرد بە چاخانەکەداو سەلامی لە مشتەرییەکان کرد، لەسەر



محەمەد شوکری

کورسییەکەی بێدەنگ دانیشت و جگەرەکەی بەلێوەکانی گرتبوو، داوای کوپێ چای گەرمی کرد، ئینجا دەستیکرد بە هەڵدانەوەی لاپەڕەی ئەو گۆڤارە ئەدەبیانەی لەگەڵ خۆیدا هێنابووی، لێم پرسی تەندروستی چۆنە؟ زۆر بە کورتی وتی باشم. ئەو هیچ بە تەنگ مردنییەوە نەبوو، نەیدەزانی تەنها چەند رۆژێکی کەمی لەم جیهانە ماوەو ئیدی ماڵئاوایی یەکجارەکی دەکات.

رۆمانی نانی ڕووت

ئەم ڕۆمانە یان ئەم یاداشتنامەیە کە دەرخەری ژیانی شوکری خۆیەتی لە سێ بەش پێکدێت کە بریتین لە نانی ڕووت و زەمەنی هەڵەکان و ڕوخسارەکان، بەشی یەکەم نانی ڕووتە و ساڵی 1972 بە زمانی عەرەبی نووسراوە، بەڵام لەبەر ئەو تابۆیانەی لە رۆمانەکەدا باسکراون، بە تایبەت مەسەلەی سێکس و لەشفرۆشی، هیچ دەزگایەکی بڵاوکەرەوە، رازینەبووە بە زمانی عەرەبی چاپ و بڵاویبکاتەوە. نووسەری ئەمریکی پۆڵ پۆڵز کە لە تەنجە بووەو هاوڕێی محەمەد شوکری بووە، ساڵی 1973 رۆمانەکەی کردووە بە ئینگلیزی، دواتر تاهیر بن جەلون ساڵی 1981 رۆمانەکە بۆ سەر زمانی فەرەنسی وەردەگێڕێت. پاشان لە ساڵی 1982 بە زمانی عەرەبی بڵاودەبێتەوەو بۆ 38 زمانی جیهانی وەردەگێڕدرێت، لەوانە زمانی ئەڵمانی و ئیسپانی. رۆمانی (زەمەنی هەڵەکان) کە بە بەشی دووەم و تەواوکەری رۆمانی نانی ڕووت دادەنرێت، لە مەغریب و لە کۆتایی هەشتاکاندا بڵاودەبێتەوە. بەڵام ئەم رۆمانەی وەک نانی ڕووت لەلایەن رەقابەوە ڕەتناکرێتەوە، رەنگە لەبەر ئەوە بووبێت بە هەمان سەراحەت و راشکاوی نانی ڕووت نەنووسرابێت. جگە لەوە رەنگە لەبەر ئەوە بێت شوکری ببوە ناوێکی دیارو ناسراوی ناوەندە ئەدەبییە عەرەبی و جیهانییەکان. هەروەها لەوانەیە لەبەر ئەوەبێت چیتر رەقابەی مەغریبی وەک جاران توند نەبووبێت و بەلایەوە گرنگ نەبووبێت، لە ڕۆمان و کارە

ئەدەبییەکاندا، باس لە توێژی بێ نەوایان بکرێت، مادام هێرشێکی راستەوخۆی بۆ سەر دەزگا فەرمییەکان تێدانییە.

شوکری لە رۆمانی نانی ڕووت باس لە منداڵی خۆی و ڕقی زۆری لە باوکی دەکات. ئەو باوکەی زۆر دڵڕەقانە مامەڵەی لەگەڵ کوڕەکەی و منداڵەکانی دیکەی و هاوسەرەکەیدا کردووە. شوکری بەردەوام بیریدەکەوێتەوە باوکی دوای ئەوەی سەرجەم ئەو پارەو پوولەی بە قومار بردبوویەوە، هەمووی دەدۆڕێنێت، باوکی لەسەر قومارکردن ئالوودە ببوو، نەیدەزانی کەی دەست لە قومارکردن هەڵگرێت و چیتر قووتی منداڵەکانی لەسەر مێزی قورمار نەدۆڕێنێت و واز لەم خووە بەدەبێنێت، ئەو کاتێ سەرخۆش بووە هەمووو شتێکی دۆڕاندووە. پاش دۆڕاندنی پارەکانی لەسەر مێزی قومارکردن، بە سەرخۆشی گەڕاوەتەوە بۆ ئەو کۆلیتەی خێزانەکەیان تێیدا ژیاوە، هەر بە سەرخۆشی دەستیکردووە بە قیڕەقیڕو جنێودان، هاوسەرە بێدەنگەکەی لە خەو هەڵدەستێت و ناوێرێت وەڵامی بداتەوە، لە لێدان و ئەشکەنجەی مێردەکەی دەترسێت کە شوێنەواری بەسەر روخسارو جەستەیەوە دیاربوون. ڕقی باوک لە محەمەدی کوڕی، تەنها لەقۆناغی منداڵی و مێردمنداڵیدا نەبووە، بگرە کاتێک کوڕەکەی گەورە دەبێت و دەبێت بە پیاوێکی خوێندەوارو لە قوتابخانەیەکی حکومیدا وەک مامۆستا وانە دەڵێتەوەو لە باوکی جیابووەتەوە، کەچی باوکی وازی لێنایەنێت، لە هەرکوێیەک کوڕەکەی لەگەڵ هاوڕێ و برادەرەکانیدا ببینێت، لە چاخانە یان لە یانەی خواردنەوە یاخود لەسەر شەقام، سوکایەتی پێکردووەو لەبەرچاوی هاوڕێکانی شکاندویەتییەوە، پێی وتووە تۆ کوڕێکی دەستەپاچەیت و هیچت تیابەسەر نییە، ناتوانی هیچ کارێک بکەیت و لەهیچ شتێکیش تێناگەیت. وەک ئەوەی ئەم باوکە نەیەوێت دان بەوەدا بنێت کوڕەکەی زاڵبووە بەسەر نەبوونی و نەهامەتیدا و چیتر لەژێر دەسەڵاتی ئەودا نەماوەتەوە.

بە پێچەوانەی سۆزی و حەنانی باوکی بۆ کوڕەکەی کە هەر نەیبووە، دایکی شانازی بە کوڕەکەیەوە کردووە، بگرە لە بەرامبەر کوڕەکەیدا هەستی بە سۆزو خۆشەویستییەکی تایبەت کردووە، ڕەنگە لەبەر ئەوە بێت ئەو تاقە منداڵ بووە رۆژەکانی نەهامەتی و چەرمەسەری لەگەڵ دایکی بەشکردووەو بە شێوەزارە بەدەوییەکەی دایکی، قسەی لەگەڵ دایکی کردووە، نەک بە شێوەزاری مەغریبی کە دایکی لێیتێنەدەگەیشت، بەڵام منداڵەکانی دیکە بەو شێوە زارە مەغریبییە قسەیان لەگەڵ دایکیان کردووەو حسابی دایکێکی نەزان و نەخوێندەواریان بۆ کردووە. محەمەد شوکری دەڵێت: ئەو بە دروستی نەیزانیوە چەند خوشک و برای هەیە، یان نەیزانیوە دایکی چەند منداڵ بووە. هەیانبووە پێش لەدایکبوون مردووەو هەیانبووە راستەوخۆ دوای لەدایکبوون مردووە. کاتێک کۆلیتی ماڵی باوکی بەجێهێشتووە، نەیزانیوە چەند برای هەیە. تەنانەت خودی دایکی کە ساڵی 1984 کۆچی دوایی کردووە، نەیزانیوە چەند منداڵی خستووەتەوە.

شوکری وردە وردە گەورە دەبێت، بێ ئەوەی نە فێری خوێندن و نە نووسین بووبێت. بەڵام دوو زمان بە باشی دەزانێت: زمانی عەرەبی جلفە و زمانی ئیسپانی، ئەمەی دواییان لە شەقامەکان و مەیخانەکانی (سەبتە) و (تەنجە) فێر بووە، لەو کاتەدا رۆژانە و هەفتانەو مانگانە، دەیان ئیسپانی بینیوە کە دوای سەرکەوتنی سوپای فرانکۆ بەسەر سوپای کۆماریدا، لە ئیسپانیاوە رایانکردبوو بۆ مەغریب و بە دیاریکراوی بۆ شاری تەنجە. لەو رۆژگارەدا چەندین دوکان و کۆگاو

شوێنی ڕابواردن و چاخانە و کافێ هەبووە کە سیمایەکی ئیسپانیان
هەبووە، لەوانە کافێی سەنتراڵ و کافێی دی لابلاتا، شوکری گەنج لەو
شوێنانەدا گوێی لە مۆسیقای ئیسپانی و مۆسیقای ئەمریکای لاتین
گرتووە. شوکری لەسەر شۆستەو شەقامەکان و لە ڕێگەی تێکەڵبوونی
بە ئیسپانییە بێ نەواکان و ئەو ئیسپانیانەی لە ترسی تۆڵەی فرانکۆ
ڕایانکردبوو، فێری زمانی ئیسپانی دەبێت. ئەم کوڕە گەنج و بێ
ماڵە، شەیدای زۆرانبازێی گا دەبێت، لە میانەی ریکلامی سەر دیواری
چاخانەکانەوە، ئاشنای ژمارەیەکی زۆر لە پاڵەوانانی ئەم هونەرە
دەبێت.

شوکری لە ڕۆمانی نانی ڕووت دا، هەمیشە گەڕاوەتەوە بۆ تافی
منداڵی و لاویەتی خۆی، لەوێوە ئەو چرکەساتە خەماوی و تراژیدیانە
هەڵدەبژێرێت کە هەرگیز لە بیری ناچێتەوە. لەوانە ساتەوەختی
مردنی (عبدوالقادر)ی برا بچووکی، لە ئەنجامی ڕەفتارێکی هەڵەشەیی
پڕ لە توندوتیژی باوکی. عەبدولقادری منداڵ نەخۆش بووە، لەبەر
ئەوە بە درێژایی شەو گریاوەو بە هیچ شتێک ژیر نەبووەتەوە،
باوکی کە لە مەیخانەوە بەسەرخۆشی گەڕابووەوە بۆ ماڵەوە، بەرگەی
ئەو گریانەی نەگرووە، بۆیە پەلاماری ئەو منداڵە دەدات و بە دەستە
زبرو قورسەکانی ملی دەشکێنێت و دەیخنکێنێت. جگە لەوە بیری
یەکێک لە توورەبوون و توندوتیژییەکانی باوکی دەکەوێتەوە، باوکی
بەو مەنجەڵەی هەنگوینی کوڵاوی تێدایە، لە دایکی دەدات کە
خەریکی دروستکردنی شیرینی بووە تا لە بازاڕ بیفرۆشێت. دەوترێت
شوکری لە ژیانیدا سێ شتی خۆشویستووە: کتێب، ئافرەت، شەراب.
وەلێ کتێب هاوڕێ هەرە هەمیشەییەکەی بووە، لە هەرشوێنێکدا
بووبێت: لە بارەکان، چێشتخانەکان، لە کافێکان یان لە چاخانەکان

شوێنە هەمیشەییەکەی، خەریکی خوێندنەوەو نووسین بووە، لەسەر
پارچە ورەقەکان، ئەو رستانەی نووسیوەتەوە کە لە (بۆدلێر) و (ڕامبۆ)
و ئەدیبە مەزنەکانی دیکەوە خوێدویەتییەوەو پێیان سەرسامبووە.
لەژێر ناونیشانی (مردنی دایک) کە بەشی سێیەمی ڕۆمانەکەیەتی،
شوکری پەیوەندییە گەرم و گوڕەکەی خۆی بە ڕابردووەوە دەپچڕێنێت
و دوای نزیکەی دە ساڵ دابڕان دەگەڕێتەوە بۆ (سەبتە)، تا ئامادەی
ئاهەنگی گواستنەوەی خوشکەکەی بێت، بەپێی داب و نەریت پێویستە
برای بووکێ بێت و خوشکەکەی ببات بۆ ماڵی هاوسەرەکەی. لە
بەرەبەیانی ڕۆژێکدا، شوکری بە هۆی لێدانێکی توند لە دەرگا، لە
خەو ڕادەپەڕێت، دەبینێت مێردی خوشکەکەی هەواڵی مردنی دایکی
پێڕادەگەیەنێت کە بە درێژایی چەندین هەفتە دووچاری خوێنبەربوون
بووە، لەوێدا شوکری بەوە دەزانێت دایکی لە نامەیەکدا پێداگریی
کردووە لەسەر ئەوەی کوڕەکەی ببینێت، بەڵام نامەکە تەنها دوای
مردنی گەشتووەتە دەست کوڕەکەی. شوکری دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو،
دایکی بیردەکەوێتەوە کە گۆرانی بەدەویانەی بۆ کوڕەکەی وتووە، لە
هەمان کاتدا گوێی لە دەنگی زاواکەی دەبێت کە باس لەوە دەکات
لە (سەبتە) گۆڕاستانێکیان کڕیوە. هەر لەوێدا شوکری (عەبدولقادر)ی
برای بیردەکەوێتەوە کە لە یەکێک لە گۆڕستانەکانی (سەبتە)دا لەژێر
تەپۆڵکە لمینەکاندا نێژراوەو هەنووکە شوێنی گۆڕی براکەی دیار نییە
و شوکریش بە دروستی نازانێت لە کوێدایە. شوکری بە خەمباری و
ناسۆرییەوە باس لە ناشتی تەرمی دایکی دەکات، باس لەوە دەکات
گۆڕهەڵکەنەکان چەند جارێک تەرمی دایکی لە گۆڕەکە دەردەهێنن،
چونکە گۆڕەکەی بچووک بووەو جێگای نەبووەتەوە، پێدەچێت خۆڵی
گۆڕەکەی رازینەبێت لە ئامێزی بگرێت، وەک چۆن ژیان رازینەبوو

**شوکری لە ڕۆمانی نانی ڕووت دا، هەمیشە گەڕاوەتەوە بۆ تافی منداڵی و لاویەتی خۆی، لەوێوە ئەو چرکەساتە خەماوی و تراژیدیانە هەڵدەبژێرێت کە هەرگیز لە بیری ناچێتەوە.**

لە ئامێزی بگرێت. دوای ناشتن، هەمووان دەگەڕێنەوە بۆ ماڵەوە، لە بەردەم مێزی ناخواردنەکەدا دادەنیشن و بە هەڵپە دەست دەکەن بە خواردن و بە شێوەیەکی قێزەون باس لە مەسەلەی میرات دەکەن، سەبارەت بە فرۆشتنی خانووی خێزانەکە دەبێتە دەمەقاڵێیان و یەکسەر بڕیاری فرۆشتنی دەدەن، هەرچەندە دایکیان، پێش مردنی، سووربوو لەسەر ئەوەی بارودۆخ هەر چۆنێک بێت، پێویستە پارێزگاری لەم خانووە بکەن و نەیفرۆشن و لەدەست خۆیانی نەکەنەوە. شوکری لە بەردەم چاوچنۆکی و تەماعی ئەندامانی خێزانەکەی، هەست بە شەرمەزاری دەکات و دڵی تێکەڵ دێت، هەر بۆیە لە (سەبتە) وە بەرەو شەوی (تەنجە) ڕادەکات. بەیانی ڕۆژی دواتر، سەروەختێک لە خەو هەڵدەستێت، نازانێت چۆن و بە چ شێوەیەک گەشتووەتەوە ماڵەکەی، کە تەماشا دەکات تاکێ لە پێڵاوەکانی پڕە لە میزو تاکەکەی دی پڕە لە شەراب.

دەتوانین بڵێین کتێبی (زەمەنی هەڵەکان) کە بەشی دووەمی یاداشتەکانییەتی، وەک هەموو کتێبەکانی دیکەی شوکری، بریتییە لە وێنەگرتنی گەشتی ژیان و گەشتی مردن. وەلێ لەم کتێبەدا هەرچەندە باس لە ژیانێکی دڵڕەق و سەخت کراوە کە شوکری تێیدا ژیاوە، کەچی لە هەمان کاتیشدا شوکری هەمیشە عاشقی ژیان بووە، پێشوازی لێکردووە، لای ئەو مردن هیچ بایەخێکی نەبووە، ئەگەرچی شتێکی حەتمییە و دەربازبوون لێی مەحاڵە. عەشقی ژیان لە ڕۆحی شوکری دا چێنرابوو، ئەو یەکێکە لە دەستەی ئەو نووسەرو هونەرمەندانەی کە هەمیشە بە شوێن جەوهەری ژیاندا گەڕاوون، ئیدی ئەو گەڕانە ئەگەر چی دووچاری گۆشەگیری و خەم و ناسۆری کردبن، ئەوا بەلایانەوە گرنگ نەبووە. شێوازی شوکری ڕوون و سادەیە، شێوازی پیاوێکە نە لە وشە دەترسێت و نە شەرمی لێدەکات، هەست و سۆزی ئاشکراو دیارەو بێ ڕتووش و میکیاج و موجامەلەیە.

هەرچەندە ماوەیەکی زەمەنی گەورە لە نێوان نانی ڕووت و زەمەنی هەڵەکان دا هەیەو نزیکەی سی ساڵێکە، کەچی شوکری پارێزگاری لە هەمان شێواز کردووە، لە ناویدا پارێزگاری لە بوێرییەکەی و ئیلهام و داهێنانەکەی کردووە. جیاوازی نێوان نانی ڕووت و زەمەنی هەڵەکان لەوەدایە ئەوەی یەکەمیان، باس لە شوکری دەکات لە قۆناغی منداڵیدا، کەچی لەوەی دووەمیاندا باس لە شوکری دەکات لە قۆناغی هەرزەکاری و لاویەتیدا، باس لەو کاتانە دەکات شوکری مامۆستا بووەو لە نێو کچانی شەوانەدا ژیاوە. بەڵام ئەوە هەمووی





نییە و هەنێک گرنگیدانی دیکەی شوکری دەبینین، وەک خوێندنەوەو شەراب، هاوڕێیەتی و دۆستایەتی وردە وردە شوێنی سێکس دەگرنەوە. ئەو نەیتوانیوە لەگەڵ ڕەگەزەکەی دیکە، پەیوەندییەکی تەواو دروست بکات. شوکری وەک مرۆڤ و وەک ڕۆماننووس، پێگەیەکی تایبەتمەندی لە نەخشەی نووسینی عەرەبیدا هەیە. تایبەتمەندی شوکری، بریتییە لە بوێری، بوێری ئاشکراکردن و فەزحکردن.

شوکری سەبارەت بە ڕۆمانی نانی ڕووت- سەرەتا ویستوویەتی ناوی بنێت (تەنها لە پێناو نان) بەڵام تاهر بن جەلون پێشنیاری بۆ کردووە ناوی بێت نانی ڕووت- دەڵێت: ئەگەر ئەم ڕۆمانەم نەنووسیایە، ئەوا یا شێتدەبووم یان خۆم دەکوشت. جارێک لە جارەکان وتوویەتی: من شۆڕشگێر نیم، من نووسەرێکی یاخی و نەفرەت لێکراووم و لەسەر شەقام ژیاوم. ڕەخنەگری مەغریبی (محەمەد برادە) سەبارەت بە شوکری دەڵێت: (دەکرا شوکری ژمارەیەکی نادیار بووایە لە نێوان ئەو ملیۆنان گەنجە مەغریبییە کە سەپێرابوو بەسەریاندا لە پەراوێزدا ژیانیان بەسەربەرن. بەڵام هۆشیاری شوکری کە وایلێکرد فێری خوێندنەوەو نووسین ببێت، دەرفەتی لەدایکبوونی دەنگێکی بۆ ڕەخساند بە ناوی خۆی و بە ناوی هەزاران گەنجی مەغریبییەوە کە بەهۆی هەژاریی و نەخوێندەوەراییەوە دەنگی خۆیان لەدەستدابوو، قسە بکات).

شوکری ئەو سێ بەشەی یاداشتنامەکەی، بە پشت بەستن بە هەندێک نموونەی خورئاوا نووسیوە، لەوانە: (دانپیانانەکانی قەدیس ئۆگستین، دانپیانانەکانی جان جاک ڕۆسۆ و کۆڵن وڵسۆن و وشەکانی سارتەر)، شوکری سەروەختێک ئەم کتێبانە دەخوێنێتەوە، بوێری و ئازایەتییەکی گەورەی پێدەبەخشن تا گوزارشت لە خودی خۆی بکات، لەم بارەیەوە دەڵێت: ئێمە دەزانین ئەدەبی کۆنی عەرەب، زۆر لە ئەدەبی ئێستا ئازادتر بووە، هەنووکە حەرام و قەدەغەکراوەکان زۆر زیاترن، کەچی لە سەردەمی جاهیلی و لە سەرەتای ئیسلامدا، ئەدەبی وەک هەزارو یەک شەوە-مان هەبووە. شوکری هەمیشە لە هەوڵی

دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە دەریدەکات

ئـەوەدا بـووە ئـەو ناوبانگـە تێپەڕێنێـت کـە نانـی ڕووت پێیبەخشـیوە، بۆیـە زەمەنـی هەڵەکانـی نووسـی، وەلـێ نەیتوانـی ئـەو ناوبانگـەی نانـی ڕووت تێپەڕێنێـت، دواتـر (وجـوە)ی نووسـی وەلـێ نانـی ڕووت نەمـردو مایـەوە. شـوکری بـە داخ و کەسـەرێکی زۆرەوە بـاس لـەم مەسـەلەیە دەکات و دەڵێـت: (هەسـت دەکـەم مـن لـەو نووسـەرانەم لەسـەر یـەک کتێـب دەژیـن، ناوبانگیـان پەیوەسـتە بـە یـەک کتێبـەوە، وەک سـێڤانتس لەگـەڵ دۆنکیشـۆت، ڤلۆبێـر لەگـەڵ مـەدام بۆڤـاری، د. هـ. لۆرانـس لەگـەڵ عشیق الليـدی شـاترلی). دەوترێـت نانـی ڕووت ئێسـتاشـی لەگەڵـدا بێـت زینـدووەو نامرێـت، بـە ڕادەیـەک لـە ڕۆژگاری خۆیـدا منـداڵان لەسـەر شـەقامەکان شـوکری-یان بـە نـاوی خۆیـەوە بانـگ نەدەکـرد، بەڵکـو بـە نانـی ڕووت بانگیـان کـردووە.

دواجـار ئـەم نووسـەرە وێڵگـەردەو ئـەم پەیامبـەرەی ڕاشـکاوە، ئـەم مرۆڤـە کـە دوو دەیـەی تەمەنـی نەخوێنـدەوار بـووە، کەچـی دێـت و لەسـەر عەرشـی ڕۆمانـی عەرەبـی دانیشـت، دوای ململانێیەکـی زۆر لەگـەڵ نەخۆشـی شـێرپەنجە، لـە 15 تشرینـی دووەمـی سـاڵی 2003، کۆچـی دوایـی دەکات و تەرمەکـەی لـە گۆڕسـتانی (مارشـان) لـە شـاری تەنجـە بـە خـاک دەسـپێردرێت.

ئەمانە نانی ڕووت ڕەتدەکەنەوە

لـە چاوپێکەوتنێکـی تەلەفزیۆنیـدا، یەکێـک لـە خوشـکەکانی محەمـەد شـوکری (مليكـة الشـيكر) کـە بـە نـاوی خانەوادەکەیانـەوە لێدوانـی داوە، دەڵێـت: ئێمـە ڕۆمانـی نانـی ڕووت ڕەتدەکەینـەوە، لەبـەر ئـەو دیمەنـە سێکسـیە ئابڕووبەرانەیـەی لـە ڕۆمانەکـەدا هاتـووە. هەروەهـا لەبـەر باسـکردنی پەیوەنـدی نێوان بـاوک لەگـەڵ خێزانەکـەی کـە پەیوەندییەکـی توونـدوتیـژ بـووە. ئـەو خوشـکەی شـوکری لەسـەر قسـەکانی بـەردەوام دەبێـت و دەڵێـت: مـن ڕۆمانەکـەم نەخوێندووەتـەوە، بـەڵام زۆرم لەبارەیـەوە بیسـتووە، جەخـت لـەوە دەکاتـەوە (ڕەحیمـۆ)ی خوشـکی بـە وردی ڕۆمانەکـەی خوێندووەتـەوە، بـە توونـدی ڕەتیدەکاتـەوە. عەبدوڵـلا ئەلوەهابـی جەخـت لەهەمـان شـت دەکاتـەوەو دەڵێـت: ئێمـە وەک هاوڕێکانـی محەمـەد شـوکری، هەرگیـز ڕۆژێـک لـە ڕۆژان بـە ڕاشـکاوی پێـمان نـەووت هەمووـمان لـەوە تورەیـن کـە لـە ڕۆمانـی نانـی ڕووت دا هاتـووە، لـە ڕاسـتیدا ئێمـە بـەوە ڕازینەبوویـن، بـەڵام تێڕوانینـمان بـۆ شـوکری نەگـۆڕا، ئـەو وەک نووسـەرێکی تەنجـە دەمێنێتـەوە.

هەندێک لە وتە بەناوبانگەکانی محەمەد شوکری:

*مـن مرۆڤێکـم ژیانێکـی دەربـەردو سـەرگەردان ژیـاوم، لـە زبڵدانـەکان خۆراکـم خـواردووە، ئایـا چاوەڕوانـن دەربـارەی پەپولـەکان بنووسـم؟

*نابێـت زۆر بڕوامـان بـە بەختـەوەری هەبێـت، لەوانەیـە وەک باڵندەیەکی جـوان، لەسـەر مینـای پەنجەرەکەمـان دەنیشـێتەوە، هـەر هێنـدەی لێـی نزیکدەبینـەوە دەفڕێـت.

*ئەوەی دەینووسم ڕوناکییە و ئەوانی دی بە تاریکی دەیبینن.

## سەرچاوەکان:


ar.wikipedia.org

http://www.aljazeera.net

http://www.dw.com

http://www.saqya.com

www.hespress.com

alqabas.com